
# خوێندنەوە کتێب: ناسیۆنالیزمی کوردی
**لە ڕوانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە**

بەرگی دووەم ، 448 ل ساڵی 2021

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٤/١/١٨




**٤ -ناسیۆنالیزمی کوردی و شوناس لە تورکیادا: سەرلەنوێ لێکدانەوەی چەمک و تێگەیشتنەکان .**
**گوینەش موراد تەزجور**

توێژەر لە بەراییەوە پێمان دەڵێ :باسی ناسیۆنالیزمی کوردی لە تورکیا سەختترە لەوەی باس دەکرێ . دیارە لەوە سەختر ئەوەیە تورک بیست بتەوێ بابەتییانە و ئاکادیمیستییانە لەسەر کورد وەک دۆزێکی نکۆڵی لێکراوی قەدەغەی مێژوو خوێناوی قسەی لەسەر بکەیت؟!
ناوبراو دەپرسێ: بۆچی پ ک ک بەزۆری بە ڕێگە و شێوەیەک کار دەکات کە نەگونجاوە لەگەڵ ڕاگەیەنراوەکانیدا کە خۆیان دەبیننەوە لە بەرگریکردن لە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی کورد و فراوانکردنی مەودایان؟؟..
ڕەنگبێ ئەم پرسیارە گەورە بێت و بەدواچوونی زۆر هەڵگرێ، با ئێمە لەبەرەوە شوێن پێی هەنگاوەکانی ئەم نووسەرە هەڵگرین ..!
ناوبراو دەیەوێ جیاکاری لە نێوان ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی مەدەنی بکات . کورد لە باکوور لەنێوان بۆچوونی هەندێ لێکۆڵەر و سیاسەتمەداری تورک و ڕەفتارو بیرکردنەوەی هەندێ پارتی کوردیدا...
بابەتە بەدوورە لەهەرباسێکی تیۆری و زانستی ڕووتی ناسۆنالیزم ، لەبەرئەوەی تخووبی ئەو بابەتانە نەکەوتووە!.. لەبری ئەوە تەنیا لە بوارێکی تەسکی باسی کورد و بیروڕای ئەوانی تردا ماوەتەوە ..
لەم بابەتەدا جەخت لە چەند خاڵێک کراوەتەوە، ناسیۆنالیزمی مەدەنی کاریگەرتر و لیبەڕاڵترە لە هەف ئیتنیکی، ناسیۆنالیزمی تورکی گیانی نەتەوایەتی تورکی لەسەر هەژماردی گرووپە ئێتنیکەکانی تری ناو تورکیا بووژاندۆتەوە و بۆتە مایەی ڕادیکالبوونی ناسیۆنالیزمی کوردی..!
پاش ئەمە بیروڕای چەند شارەزایەک لەسەر سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی دەخاتە بەرچاو: دێڤید ماکدواڵ، مایکل گونتەر، سمیث ، یاڤوز ، ڤان برونەسن، بۆزئەرسەلان ..هەریەکەیان قسەیەکی هەیە لەسەر ئەم دیاردەیە!

بۆ نموونە گونتەر دەڵێ: "ناسیۆنالیزمی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لە سەدەی بیستەم پەرەی سەبدووە وەک کاردانەوەیەکی نەژاد یان ئیتنیکێکی بێدەوڵەت دژ بە ستەم و سەرکوتکردنی ناسیۆنالیزمە فەرمییەکانی دەوڵەت لە تورکیا و عێراق و ئێران و سووریادا ."
ناسیۆنالیزمی کوردی گەرچی ئامانجی خۆی بەدەست نەهێناوە، بەڵام پێش سەدەی بیستیش هەبووە و بوونێکی خۆڕسکی هەیە.. دەشێ سیاسەتی نامرۆڤانەی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان پێوە بەستراوەتەوە ئەم ناسیۆنالیزمەی زەقتر کردبێتەوە!.. هۆکارێکی گرنگی ئەمە ئەوەیە کەوا دەسەڵاتێکی فەرمی دەوڵەتی میدیایی نەبووە بانگاشە بۆ ئەم دیاردەیە بکات و کورد دەنگی بەهیچ کوێیەک نەگەیشتووە ..!
بۆچوونێکی تر Cenefa&Öktem هاتووە :پێیان وایە سیاسەتی خراپ و پشتگوێ خستنی کورد و سەپاندنی سیمبۆڵەکانی ناسیۆنالیزمی تورکی بەسەر کایەکانی کۆمەڵگردا هانی دروستبوونی ناسیۆنالیزمێکی شۆڤێنی کوردی داوە.
ئەم بەستنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە وەک پەرچەکردارێک بەناسیۆنالیزمی تورکییەوە گوناهبارکردنی بە شۆڤێنیزم هەر لە کفرێکی فیکری و سیاسی گەورە دەچێت. لەلایەک ناسیۆنالیزمی کوردی پەرچەکردار نییە و بەدیوەکەی تریشدا هەرگیز شۆڤێنی نییە و تا بندەست بێت نابێتە شۆڤێنی...
بەم جۆرە بیروبۆچوونی چەندانمان لەمەڕ ناسیۆنالیزمی کوردی بەرچاو دەکەوێ. مەتین هەپەر یەکێکە لەوانەی سەرسەختانە داکۆکی لەوە دەکات کەوا سیاسەتی تورکی بەو ئەندازەیە دڕندانە نییە وەک باس کراوە! ئەم نووسەرە بەردەوام نموونەی زۆر نەرێنی لەسەر لەسەر سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورکی دەهێنێتەوە و پێی وایە سروشتێکی مەدەنی هەیە و هەرکەس تورکبوونی پەسەند کرد ئەوە بێ گیروگرفتی لەبەردەم پرسە کولتوورییەکانیش دا . بەواتای ئەوەی هەر کوردێ بکەوێتە ناو پرۆسەی بەتورک بوون، واز لە ناسنامەی خۆی بهێنێ، بێ سەرئێشە ژیان مسۆگەر دەکات.. ئەمەش لە بنەڕەتدا دەکاتە ئەوەی ، ئەوی تری بەبوونە تورک ڕازی نییە بۆ دۆزەخ..!
لەراستیدا کورد هەرچی بکات بۆ تورک و دەوڵەتەکە لێی ناسەلمێندرێ بە کوردی بمێنێتەوە و هەر دەبێ بڵێ تورکم و دەستبەرداری کوردبوونەکەی بێت.. کار دەکەیت باج دەدەیت، خزمەتی سەربازی ئەنجام دەدەیت، فێری زمانی تورکی دەبیت تادوایی سوودی نییە، هەر نابێ بڵێی من کوردم .لە تورکیا بەس ناسنامەی تورکی بەرقەرارە و بایەخی هەیە و سیاسەت خزمەتی دەکات ..
بۆیە ئیلکەر باشبوغ دەڵێ :دانپیانانی دەستوورییە ناسنامە ئیتنیکییەکاندا ئامانجی تێکشکاندنی دەوڵەتە و کەس چاوەڕێی ئەوە لە تورکیا نەکات سیاسەتگەلێک بەرێوە ببات کە گرووپێکی ئیتنیکیی دیاریکراو بکاتە ئامانج لە کایەی سیاسەتدا و لەوانەیە ئەمە وڵات پەلکێش بکات بۆ حاڵەتی جەمسەربەندی و هەڵوەشانەوە. تورک دەیانەوێ تورکبوون بکەنە ناسنامەی نەتەوەیی/ نیشتمانی تورکیا و ئەمەش پەسەندکراوی لای هەمووان بێت.
پێم وایە ئەمە راسترین بۆچوونە بەرچاو خرابێ تورک لە کیانە دەستکردەی بۆی دروست کراوە، دەترسێ هەمیشە لەدڵە ڕاوکێدایە کورد بێتەوە خاوەن ماڵی خۆی ..
هەموو ئەو دەوڵەتانەی خاکی نەتەوەیەکیان داگیرکردووە و میللەتانی بندەستی تێدا دەژین ، دژ بە سیاسەتی ئێتنیک و نەژاد دەوەستنەوە ئەوە چین و بەریتانیا و عێراق و ئێران و سووریا و زۆر دەڤەری دیکە بە نموونە.
ئەمینە ئاینەی هاوسەرۆکی پارتی دەتەپە دەڵێ: نابێ هیچ بەربژێرێکی پارتی ئەکەپە بڵێ من کوردم، نوێنەرایەتی کردنی ئەو پارتە کورد نییە، ئەمە قبوڵکراو نییە ئەگەر بەدەمی خۆیشی بڵێ کوردم. بەراستی باشی بۆچووە با کەسەکەش کورد بێ بەڵام بانگاشە بۆ سیاسەتی حیزبێکی ناکوردی دەکات .

لەبەشێکی تری ئەم توێژینەوە دووورودرێژەدا، لە مینانەی سیاسەتی "سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوە" بیروڕای چەند کەسایەتییەکی کورد دەخاتە بەرچاو وەک جەمیل پاشا و ئەحمەد تورک..
بەشێک لەمانە بەزمانێکی سەرپۆشدار ڕەخنە لەسیاسەتی تورکیا دەگرن و ستایشی پ ک ک دەکەن ..!
ئەوجا باس دێتە سەر ئەو کوردانەی گوایە لەسوپای تورکیادان و لەشەڕی پ ک ک دا دەکوژرێن، یان

ئەوانەی هیچ جیاوازییەک لەنێوان تورک و کورددا نابینن، یان ئەوانەی بەئاسانی خۆیان رادەستی تورکبوون کردووە لە ماڵەوەیان بە تورکی قسە دەکەن و وەک تورک خۆیان دەناسێنن..
باسەکەی توێژەر چەندین ناونیشانی لابەلایی لێ دەبێتەوە بەسەر سیاسەتی تورکیادا لەمەڕد دێتە خوارەوە لەراستیدا زۆر لە ڕووداوەکان دەبەستێتەوە بە مێژووی پ ک ک وە، ئەمەش جێی سەرنجە .باسی کوردە موسڵمانەکانیش دەکات و ئەوانەی باسی یەک ئوممەی ئیسلام دەکەن لە تورکیا.. بەدیوێکی تردا ڕکابەریی نێوان کوردی ئیسلامی سیاسی و سێکولاری نەتەوەیش دەکات..
دواتر دێتە سەرخاڵێکی تر کەوا دەستەوتاقمی سێکۆلاری کورد لە پ ک ک دا ناسنامەیەکی تینتەرناسیۆنالیان هەیە و جەمیل بایک دەڵێ :پەکەکە شکۆ و شانازیی گێراوەتەوە بۆ سۆشیالیزم..حەققی قەرار هاوڕێی نزیکی ئۆجەلان تورکە ڕێکخراوێکی کوردی کوشتی و کەمال پیر دیسان تورکە مانگ گرت لە خواردن و گیانی لەدەست دا..
نووسەر دەیەوێ رووخسارێکی مارسییانەی پ ک ک نیشان بدات، لەبەرانبەر هێزی کوردی موسڵماندا وهەردووش داکۆکی لەناسنامەی کوردبوونێکی لاواز دەکەن ..!
نووسەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەیدا ئەم دێرە دەنووسێ:
ئەو پاساوەی کە دەڵێت ناسیۆنالیزمی کوردی بووە بە ئیتنیکی و ڕادیکال وەک کاردانەوەیەک بۆ سیاسەتی سەرکوتکردن و ئەسیمیلاسیۆنی دەوڵەتی تورکیا ڕاستی زۆری تێدایە.
بۆیە پێی وایە، دابەشبوونی دوانەی ناسیۆنالیزمی ئیتنیکی لە بەرانبەر مەدەنیدا هەیە. ئینجا دەپرسێ: بۆچی زۆرێک لە هاوڵاتیانی کوردزمان لە تورکیادا گوزارش لە شوناسی خۆیان ناکەن بەو مانا "ئیتنیکییەی" کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەیخوازێت؟...
پرسیارێکی هەستیار و لۆژیکی و گرنگە..
ئەم توێژینەیە پشتی بە سەرچاوەگەلێکی زۆر بەستووەبۆ تێگەیشتن لە سیاسەت و بیرکردنەوەی کورد و دەوڵەتی تورک بایەخی تایبەتی هەیە..

## ٥ -گریمانەی " هێشتا ناسیۆنالیزم نییە" سنوورەکانی کاریگەریی تیۆریی ناسیۆنالیزم لەسەر مێژووی کورد

### ئەلێکساندەر ماکسوێڵ و تیم سمیث

ئەم دوو توێژەرە پێکەوەدەیانەوێ لەبەر رۆشنایی تیۆریی بووژانەوەی نەتەوەیی لەسەر مێژووی کورد بنووسن یاخود کاریگەرێتییەکانی دەستنیشان بکەن.. لەنێو ڕستی تیۆرییەکاندا زیاتر سەرسامن بە ئەنتونی سمیث بە رۆڵی تاک لە "هێشتا کاتی ناسیۆنالیزم نەهاتووە" دا .. بە تێکڕا ئەم توێژینەوەیە تاووتوێی زاراوە و چەمکەکانی « ناسیۆنالیزم ، بووژانەوەی نەتەوەیی، تیۆری ناسیۆنالیزم، مێژووی کورد »دەکات..
"ئەو توێژەرانەی کە دەرکەوتن و پەیدابوونی ناسیۆنالیزم لە بەریتانیادا وەک لێکەوتە و ئەنجامێکی پەرەسەندنی پیشەسازی لێکدەدەنەوە، بۆ نموونە کوردستانیان رەچاو نەکردووە، چونکە شۆڕشی پیشەسازی ئینگلیزی هاوشێوەیەکی ڕوونی نییە لە مێژووی کورددا.".
باس لەوە تیۆریستانە دەکات کە بە بنەچە چیکن کارل دۆیچ، ئێرنست گێلنەر و میرۆسلاڤ هرخ/ هرۆش ئەوانی بەریتانیا هۆبسباوم و سمیث و ئەندەرسن و هی تورک ئومیت ئوێزکریملی . جەخت لەوە دەکەنەوە کورد رۆڵێکی لاوازی ناسیۆنالیستانە بینیوە بۆیە جگە لە هۆبسباوم کەسی تریان باسی کوردیان کردووە ..!
ئەمەریکی ناتالی .. زۆربەی پسپۆڕانی کورد پەیرەویی سمیث دەکەن و تیۆرییەکانی ناوبراو لای مێژوونووسانی کوردجێی باوەڕ و متمانەن ..بەتایبەت ئەوانەی زاراوەی ئیتنی Ethnieبەکار دێنن دەگەڕێنەوە لای سمیث..

له هیچ توێژینەوەیەکی ئەم کتێبەدا هێندەی ئەم بابەتە بیروڕای نزیک لەیەک و پێچەوانەی یەکتر لەسەر ناسیۆنالیزمی کوردی نەخراوەتە بەرچاوی خوێنەر... بەتایبەت باس لەوە دەکری هوشیاریی و ئیتنی کورد زۆر لە ناسیۆنالیزمی سیاسی کورد کۆنترە...
لەم بەرهەمەدا ئاماژە بە کارەکانی میهرداد ئێزەدیی و ئیدریسی بەدلیسی و حەسەنپوور و سەباحی غالب و عەباس وەلی بەرچاو دەکەوێ هەروەها بەشێک لەشۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کوردیشئاماژەیان پێدراوە.
توێژەر ئەم باسە گرنە لەم چەند دێڕەدا فۆرمەلە دەکات :
مێژووی ڕابوونی کورد نەگەیشتووەتە کۆدەنگییەک سەبارەت بە ڕەگ وبنەچەی ناسیۆنالیزمی کوردی (...)بۆ سەدەی ١٦، جەنگی جیهانییان سەرەتای کۆماری تورکیا یان مهاباد یاخود کۆتایی سەدەی بیست.. لەسەر ئەمەش کۆمەڵێ بیروڕای پێچەوانە و دوور لەیەک هەن کە لەبنەڕەتدا سەرلشێواوی بۆ خوێنەری کورد پێکدێنن.
جوەیدە ... ناسیۆنالیزم لە دەربڕینە نیشتمانییەکانی کەسایەتییە مێژووییەکان دەبینێ.
ڤۆلەر ..لە ڕێکخراوەنیشتمانییەکان دا.
بێنگێۆ و کووهی— کەمالی دەوڵەتی خێرابەسەر لەناوچوو.
گوینتەر... هەستکردنی نوێ بە ناسیۆنالیزمێژی کوردییەکگرتوو یەکسانە بە کوردایەتی .
دورهام.. هەستی نەتەوایەتی لەنێو دەستەبژێری کورد لە سەدەی ١٩ ەوە هەیە.
برونەسن.. لە چیرۆک و داستانی وەک شەرەفنامە و مەموزین..
وە زۆر بیروڕای تریش.. هەموو ئەوانەیشی ئەو کوردانە پێشکششیان کردووە و ئەو تیۆرییە جیهانییانەی جێی سەرنجی پسپۆڕانی کوردە.. بابەتەکە زۆر تیۆرییە و تژییە لە باسەکانی ناسیۆنالیزم و لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە.

ئەم بابەتە بایەخی سەنگینی هەیە لەمەودای ناسیۆنالیزم دا...
توێژەر سوودی لە دەیان سەرچاوە وەرگرتووە و وەرگێریش هەموو ناوەڕۆک و پەراوێزەکانی کردۆتە کوردی...

**٦ -گەلێکی بێدەوڵەت: کوردلەسەرهەڵدانی ئیسلامەوە بۆ بەرەبەیانی ناسیۆنالیزم**
**ئەم توێژینەوەیەی جۆردی تێجیڵ گۆرگاس خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبەکەی مایکڵ ئەپەڵ**

خوێندنەوەیەکی چڕوپڕە و بەداخەوە خودی کتێبەکەی لەبەردەستی ئێمەدا نییە، تا بتوانین هاوشان چاوێکی لێ بکەین و باسەکەی ناوبراو دەوڵەمەندتر بکەین!!
باسەکان لەسەر شوناسی کوردە و هاوکات دیاریکردنی قۆناغی سەرهەڵدانی ناسۆنالیزمی کوردی ..
جێی خۆیەتی بڵێم هیچ کام لەو نووسەران حەزناکەین و چاویان بەرایی نادات بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بگەڕێنەوە بۆ لای ئەحمەدی خانی! .. ئەمەش گرفتێکی دروست کردووە کە ئەوانە تەنیا لەچاوی مۆدێرنەوە تەماشای ناسیۆنالیزمی کوردی دەکەن!.. هۆکاری هەرە سەرەکی ئەمەش ئەوەیە نووسەرە ئەوروپاییەکان دەیانەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کەوا ناسیۆنالیزم دیاردەیەکی ئەوروپاییە و شۆڕشی پیشەسازی و سەردەمی مۆدێرنە پاڵپشتێتی. ئەمەش بەو واتایەی دەیانەوێ قۆرخی ئەوە بکەن لەدەرەوەی ئەزموونەکانی
ناسیۆنالیزمی کوردی گرێدراوە بە شۆڕش و ڕاپەڕین و دەسەڵاتە سیاسییە ناوچەییەکان/ میرنشینە کوردییەکانەوە!.. ئەو مێژووەی لەبەینی دوو بەرداشی عوسمانی و سەفەویدا گوزەراوە..
توێژینەوەکە کورتە و بابەتی تیۆریی تێیدا نییە و وەک ئاماژەمان پێدا، لەبنەڕەتدا خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبێک.